# Increasing Expansion of the City Saidsadq Distribution of Educational Service

**Ahmed Rafiq Karim[1], Shad Hameed Mohamed[2]**
Geography, College of humanities education, University of Sulaimany, Sulaimany, iraq

*DOI: https://doi.org/10.31918/twejer.2694GSCP.07*

*Published:3/5/2026*

## *Abstract*

*cities are the place that have large population, so this cause increasing the expansion way faster than the settlement area. This method of the cities that getting bigger can cause the cities grow be not balanced. The scientists' goals are to show a new step of saidsadq that causes distribution of educational service just to know that this Increasing expansion caused the city's needs stop to all the places of the city. For this reason, we use three methods that are (history, operation, morphology). To get to this goal they research distribution for three sections, the first section is a step about the morphology of the expansion of the city, the second section is about distribution of geographic services on the morphology goals, the third section is about the ability of the services placeless in saidsadq. At the end the research got to the conclusion and recommendations that got from the important service places it is caused by uneven development doesn't grow with expansion of the city that's why we recommend masterplan to achieve this balance that the city needs.*

***Keyword**: expansion, service, education*

# کاریگەری فراوانبوونی شاری سیدصادق لەسەر دابەشبوونی خزمەتگوزاری پەروەردە

پ.ی.د.احمد رفیق کریم[1]، پ.ی.د.شاد حمید محمد[2]

1. جوگرافیا، پەروەردەی زانستە مرۆڤایەتییەکان-سیدصادق، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستانی عێراق، عێراق ئیمەیل:ahmed.karim@univsul.edu.iq

2. جوگرافیا، پەروەردەی زانستە مرۆڤایەتییەکان-سیدصادق، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستانی عێراق، عێراق. ئیمەیل:shad.rasul@univsul.edu.iq

پوختە

شارەکان ئەو ناوەندانەن کە چڕی دانیشتوانی تیایاندا بەرزن، ئەمەش دەبێتە هۆی فراوانبوونی ڕووبەرەکەیان بەشێوەیەکی خێراتر لە ناوچە ئاواکارییەکانی دەوروبەریان. ئەم خێرا فراوانبوونەش وا دەکات هەموو پێداویستییەکانی شار بەشێوەیەکی هاوسەنگ گەشە نەکات.

ئامانجی توێژینەوەکەمان بریتییە لە دەرخستنی قۆناغەکانی گەشەی شاری سیدصادق و کاریگەریان لەسەر دابەشبوونی خزمەتگوزاری پەروەردە تاوەکو بزانرێت ئەم فراوانبوونە توانیویەتی هاوسەنگی ئەم خزمەتگوزارییە ڕابگرێت بۆ هەموو بەشەکانی شارەکە. بۆ ئەم مەبەستەش سێ میتۆدی سەرەکی بەکاردێنین ئەوانیش (مێژووی و شیکاری و مۆرفۆلۆجی).

توێژینەوەکە دابەش دەکراوە بۆ سێ بەش، بەشی یەکەم قۆناغە مۆرفۆلۆجییەکانی فراوانبوونی شاری سیدصادق، بەشی دووەم دابەشبوونی جوگرافی خزمەتگوزارییە پەروەردەییەکان بەپێی قۆناغە مۆرفۆلۆجییەکان، بەشی سێیەم توانستە شوێنییەکانی خزمەتگوزاری پەروەردە لە شاری سیدصادق.

خزمەتگوزارییە پەروەردەییەکان بەشێوەیەکی هاوسەنگ گەشەیان نەکردوە لەگەڵ فراوانبوونی شارەکەدا، پێشنیاری دانانی ماستەر پلان دەکەین بۆ فراوان بوونی شاری سیدصادق، بە ڕەچاوکردن و دەستەبەرکردنی تەواوی خزمەتگوزارییە پەروەدەییەکان تیایدا.

کلیلە وشە: فراوانبوون ، خزمەتگوزاری ، پەروەردە

**پێشەکی**

فراوانبوونی شارەکان یەکێکن لەو بابەتانەی کە گرنگی زۆریان پێدەدرێت لە لایەن جوگرافیناسەکانەوە، چونکە ئەو خزمەتگوزارییانەی کە لە شارەکان پێشکەش دەکرێن دەبێت بە جۆرێک بێت بۆ تەواوی دانیشتوانی شارەکان فەراهەم بکرێن، یەکێکیش لەو خزمەتگوزارییە سەرەکییە بریتییە لە خزمەتگوزاری پەروەردە، کە نهێنی پێشکەوتن و بەرەوپێشچوونی هەر کۆمەڵگا و وولاتێکە.

لەم توێژینەوەیەدا لە شێوازی دابەشبوونی ئەم خزمەتگوزارییە لە شاری سیدصادق دەکۆڵینەوە، چونکە بە ڕادەی ئەوەی کە بوونی خزمەتگوزارییەکە گرنگە، دابەشبوونی شوێنی بە شێویەکی زانستی بوونی خزمەتگوزارییەکە مانا دارتر دەکات و خزمەت بەو ئامانجە دەکات کە خزمەتگوزارییەکانی بۆ بنیاتنراوە.

**کێشەی توێژینەوەکە**

1-ئایا شاری سیدصادق بەپێی قۆناغە مۆرفۆلۆجییەکان فراوانبوون بووە؟

2-ئایا دابەشبوونی خزمەتگوزارییە پەروەردەیەکان بەپێی قۆناغەکان بەشێوەی هاوتا بووە لەگەڵ فراوانبوونی شارەکەدا؟

**گریمانەی توێژینەوەکە**

1- شاری سیدصادق بەپێی هەر یەکێک لە قۆناغە مۆرفۆلۆجییەکان بەردەوام لە فراوانبووندا بووە.

2- دابەشبوونی خزمەتگوزارییە پەروەردەیەکان بەپێی قۆناغەکان بەشێوەی هاوتا نەبووە لەگەڵ فراوانبوونی شارەکەدا سەرەڕای ئەوەی تا ئێستاشی لەگەڵ بێت ئەم شارە خاوەنی ماستەر پلان نیە.

**ئامانجی توێژینەوەکە**

ئامانجی توێژینەوەکە زانینی ڕادەی دەستەبەربوونی خزمەتگوزاری پەروەردەیە لەگەڵ فراوانبوونی شارەکەدا.

**میتۆدی توێژینەوەکە**

تەواوی توێژینەوە ئەکادیمییەکان میتۆدێکی زانستی یان زیاتریان تێدا بەکاردێت، لەم توێژینەوەیەدا پشت بە میتۆدەکانی مێژوویی و شیکاری بەستراوە

**گرنگی توێژینەوەکە**

ئەم توێژینەوەیە چەند لایەنێکی گرنگی جوگرافیای شار لە شاری سەیدصادق دەخاتەڕوو ئەوانیش:

1-فراوان بوونی ڕووبەری شارەکە بەپێی قۆناغە مێژووییەکان و دەرخستی ئەم فراوانبوونە کە بەشێوەیکی سروشتی بووە یان نا هەروەها ئاڕاستەکانی گەشەکردنەکەی بەشێوەیەکی یەکسانە یاخود بەشێوەیەکی هەڕەمەکی بووە.

2-کاریگەری فراوانبوونی شارەکە لەسەر خزمەتگوزاری پەروەردە تاکو بزانرێت بەشیوازێکی تەریب بەیەک فراوانبوون.

3-دابەشبوونی جوگرافی خزمەتگوزارییە پەروەردەیەکان بەپێی قۆناغەکان.


4- سودی دەبێت بۆ پلاندارێژەرانی بواری پەروەردە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان و وەزارەتی پەروەردە لە جێ بەجێکردنی هەر پلانێکی پەرورەدەیی لە شاری سیدصادق.

**چوارچێوەی شوێنی جوگرافی**

شاری سەیدصادق کە ناوەندی کارگێڕی قەزای سیدصادقە یەکێکە لە شارەکانی پارێزگای سلێمانی کە لە ساڵی (1955)دا دروستبووە، لە ڕووی هەڵکەوتەی جوگرافیەوە دەکەوێتە سەنتەری قەزای ناوەندی سەیدصادق و بەشی باشوری قەزای سیدصادق و بەشی باشوری خۆرئاوای پارێزگای سلێمانی. ئەم شارە لە ساڵی (2023)دا لە (25)گەڕەک پێکهاتووە و ژمارەی دانیشتوانەکەشی (59000)کەسە.

شوێنی ئەسترۆنۆمی ناوچەی لێکۆڵینەوە دەکەوێتە نێوان بازنەکانی پانی (24 - °35 '25 " 35° '19 "45)باکور و هێڵەکانی درێژی (20°45 '48 "34 - °45 '54 ") خۆرهەڵات. نەخشەی (1).

نەخشەی (1) شوێنی جوگرافی شاری سیدصادق بەپێی قەزای سیدصادق و پارێزگای سلێمانی




سەرچاوە: کاری توێژەران بە پشت بەستن بە حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێم، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، داتای بڵاونەکراوە، 2023.

## چوارچێوەی کاتی توێژینەوەکە

توێژینەوەکە باس لە شاری سیدصادق دەکات هەر لە سەرەتای دروستبونیەوە لە ساڵی (1955) تا ساڵی (2023).

## پلانی توێژینەوەکە

توێژینەوەکە دابەش کراوە بۆ سێ قۆناغ، ئەوانیش: بەشی یەکەم قۆناغە مۆرفۆلۆجییەکانی فراوانبوونی شاری سیدصادق کە ئەمەش دابەش دەبێت بە سەر چوار باسدا و لە هەریەکەیاندا باس لە قۆناغێکی مۆرفۆلۆجی شارەکە دەکرێت، بەشی دووەم دابەشبوونی جوگرافی خزمەتگوزارییە پەروەردەییەکان بەپێی قۆناغە مۆرفۆلۆجییەکان ئەمەش دابەش دەبێت بە سەر

چوار باسدا و لە هەر باسێکیاندا دابەشبوونی خزمەتگوزاری پەروەردە بەپێی قۆناغە مۆرفۆلۆجییەکانی شارەکە خراوەتە ڕوو، بەشی سێیەم باس لە توانستە شوێنییەکانی خزمەتگوزاری پەروەردە لە شاری سیدصادق دەکرێت.

**بەشی یەکەم: قۆناغە مۆرفۆلۆجییەکانی فراوانبوونی شاری سیدصادق**

شارەکان بە گوێرەی سروشتی دروست بوون و ئامانجی دروستکردنیان و بارودۆخە سروشتیی و مرۆییەکانی بەردەوام لە گەشەکردن و فراوانبوون یان لە بچوکبوونەوە و پوکانەوەدایە. لە ڕاستیدا شار ئەو ناوەندەیە کە دانیشتوانیان تێدا کۆدەبێتەوە، چڕیەکەشی بەرێژەیەکی بەرز گوزارشت لەبەرزی گەشە و قەوارەی دانیشتوان دەکات، بەو پێیەی کە شارەکان بەردەوام ناوەندێکن بۆ ڕاکێشانی دانیشتوان، ئینجا ئەو دانیشتوانە هی ناوچەی دێیەکان بن یان هی ناوچە دراوسێ و نزیکەکان، ئەم چەشنە گۆڕانکاریانە ئاسەواری خۆیان لەسەر فراوانبوونی ستونی و ئاسۆی ناوچە ئاوەدانییەکانی شار و چەشنی ئەرکەکانی بەجێدەهێنێت (حسێن،2013، ل77.) لەژێر ڕۆشنای ئەم تێڕوانینە و بەڕوانین لە خشتەی (1) و نەخشەی (2)، قۆناغەکانی مۆرفۆلۆجی شاری سیدصادق دابەش دەکەین بۆچوار باس، کە بریتین لە:

**باسی یەکەم: قۆناغی یەکەم (ماوەی نێوان ساڵانی 1955–1970)**

ناوچەی لێکۆڵینەوە سەرەتای دروستبوونی دەگەڕێتەوە بۆ گوندی سیدصادق، کە ئەم گوندە لە ساڵی (1945)دا دروستبووە و سەر بە ناحیەی خورماڵ بووە (کاکی،2022، ل13). مێژووی ئەم گوندە زۆری نەخایاند دوای تەنها (10) ساڵ لە ڕێکەوتی (22–10–1955) بە بڕیاری ژمارە (900) وەزارەتی دادی عێراق کرا بە سەنتەری ناحیەی شارەزوور(پاشکۆی 1) واتە بوو بە شاری سیدصادق.

لەم قۆناغەدا کە مێژووەکەی پازدە ساڵە تەنها (3)گەڕەک دروستبوون ئەوانیش گەڕەکەکانی (ڕاپەڕین، نەورۆز، بەرکێو) کە ئەم گەڕەکانە بونەتە سەنتەری شارەکە لە ئێستادا، ڕووبەری شارەکە لەم قۆناغەدا (2.23)کم$^2$بوو.

**باسی دووەم: قۆناغی دووەم (ماوەی نێوان سالآنی1971–1988)**

لەم قۆناغەدا دوو گۆڕانکاری گەورەی دژ بە یەک لە شاری سیدصادق ڕوویاندا، کە کاریگەری گەورەیان هەبوو لەسەر مۆرفۆلۆجی شارەکە.

سەرەتای ئەم قۆناغە هاو کات بوو لەگەڵ بەردەوامی شۆڕشی بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی گەلی کورد، لەبەر ئەوەی ناوچەی لێکۆڵینەوە لە ڕووی جوگرافییەوە نزیک بوو لە دەسەلآتی شۆرش دا بوو، ململانێی چەکداری لەم ناوچەیەدا نەبو، ئەمەش هۆکارێک بوو بۆ زیاتر ئاوەدانبوونەوەی.

بە سروشت یەکە کارگێرییەکان ئاواکارییەکی قەڵەباڵغترن لە ناوچەکانی دەورووبەریان، خۆ ئەگەر وەک سیدصادق ناوچەیەکی ناوەندی هەبێت، گەشەکردن و فراوانبوونی خێراتر دەبێت، جگە لەتوانا ئابوریە بەرزەکە بەهۆی ئاوهەوای گونجاو زۆری زەوی بەپیتی کشتوکاڵی،هۆکاربوون بۆ خێراگەشەکردنی شاری سیدصادق.

هەر بۆیە لەم قۆناغەدا کە مێژووەکەی تەنها حەڤدە ساڵە، ژمارەی گەڕەکەکانی زیاد دەبن لە (3) گەڕەکەوە بۆ (6) گەڕەک، گەڕەکی نیشتمان لە بەشی ڕۆژهەلآتەوە و هەردوو گەڕەکی خانزاد و ئازادی لە ڕۆژئاواوە زیادیانکرد، ڕووبەری شارەکە لەم قۆناغەدا بوو بە (3.75)کم$^2$، بە ڕێژەی (168%) بەراورد بە ڕووبەری قۆناغی یەکەم زیادی کرد.

کۆتایی ئەم قۆناغە هاوکات بوو لەگەڵ کیمیابارانکردنی شاری هەڵەبجە لە (16–3–1988)، ناوەندی ناحیەی شارەزوور کە دەیکردە شاری سیدصادق خاپورکرا و هیچ نیشانەیەکی ئاوەدانی

تێدا نەهێڵرا و هاوکات ناوچەکەش کرا بە ناوچەی قەدەغکراو لە جوڵەو هاتووچۆ، دانیشتوانەکەشی بۆ ئۆردوگاکانی (نصر و الاخوە- سەرکەوتن و برایەتی) ڕاگوێزران (کاکی، 2022، ل16.)

## باسی سێیەم: قۆناغی سێیەم (ماوەی نێوان ساڵانی 1991-2006)[1]

لە دوای ڕاپەرینی ئازاری 1991، جارێکی دیکە سیدصادق ئاوەدان کرایەوە، بەڵام نەک تەنها لە لایەن دانیشتوانی پێشووی شارەکە بەتەنها، بەڵکو لە لایەن بەشێک لە ئاوارەکانی گەرمیان و بەشێک لە دانیشتوانی قەزاکانی پێنجوێن و شارباژێر... ئەمەش کاریگەری هەبوو لەسەر خێرافراوانبوونی شاری سیدصادق، بە جۆرێک لە (6) گەڕەکەوە زیادی کرد بۆ (17) گەڕەک. واتە بە نزیکەیی ژمارەی گەڕەکەکان بوو بە سێ ئەوەندە، گەڕەکە نوێیەکانیش بریتی بوون لە ( پیشەسازی یەک، پیشەسازی دوو (ئاشتی)، هێمن، بەختیاری، فەرمانبەران، سەرووەران، کوردستان، ڕۆژهەڵات، هەواری تازە، حاجی قادر، قلرخ)ە، ئاڕاستەی فراوانبوونەکەشیان نزیک بە شێوەیەکی ئەندازەیی بوو بە دەوری ڕووبەری شارەکە لە قۆناغەکانی یەکەم و دووەدا.

ڕووبەری شارەکە لەم قۆناغەدا گەیشتە(19.8)کم$^2$، واتە ڕووبەری شارەکە بە ڕێژەی (528%) قۆناغی پێشوو زیادیکرد.

## باسی چوارەم: قۆناغی چوارەم (ماوەی نێوان ساڵانی 2007-2023)


شاری سیدصادق بەردەوام بوو لەگەشەکردن و فراوانبوون، بەڵام فەرمانی بە قەزاکردنی لە ڕێکەوتی (21-2-2007) پاشکۆی (2) پرۆسەی فراوانبوون و گەورەبوونی شارەکەی خێراترکرد، ژمارەی گەرەکەکانی بوو بە (26) گەڕەک واتە (9) گەڕەکی نوێی بۆ زیادبوو کە ئەوانیش (شانەدەی کۆن، شانەدەری تازە، جوتیاران، حاجی نامق، نالی، سەراوی نوێ، سەراوی

کۆن، قلرخ، تەپەڕەش) ئاراستەی فراوانبوون بە هەردوو ئاڕاستەی باکور و ڕۆژئاوای شارەکەیە، ئەمەش بەهۆی:

ئەو ڕێگرییە سروشتیانەی کە لە شارەکەدا هەیە. ڕووبەری شارەکە لەم قۆناغەدا (35)کم$^2$یە، لەگەڵ ئەوەی ژمارەی گەڕەکە نوێیەکان نیوەی گەڕەکە کۆنەکانن بەڵام بەهۆی فراوانی ڕوبەریان ڕوبەری شارەکە بەرێژەی (177%) زیادیکردووە.

بەڕوانین لە شێوەی (1) بۆمان ڕوندەبێتەوە تا ڕادەیەک هاوسەنگی هەیە لە نێوان زیادبوونی ژمارەی گەڕەکەکان و ڕووبەری شاری سیدصادقدا.

نەخشەی (2) گەڕەکەکانی شاری سیدصادق بەپێی قۆناغەکانی مۆرفۆلۆجی




سەرچاوە: کاری توێژەران بەپشت بەستن بە: وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، بەڕێوەبەرایەتی شارەوانییەکانی پارێزگای سلێمانی، شارەوانی سیدصادق، بەشی GIS.

خشتەی (1) ناو و ژمارە و ڕووبەری گەڕەکەکانی شاری سیدصادق بەپێی قۆناغەکانی فراوانبوونی شاری سەیدصادق


| قۆناغ | ناوی گەڕەکی نوێ | رووبەر (کم$^2$) | (%)زیادبونی ڕووبەر بەراورد بە قۆناغی پێش خۆی | ژمارەی گەڕەك بەگشتی |
|---|---|---|---|---|
| یەکەم( ماوەی نێوان ساڵانی 1955-1970) | ڕاپەڕین، نەورۆز بەرکێو | 2.23 | - | 3 |
| دووەم( ماوەی نێوان ساڵانی1971 -1988) | نیشتمان، خانزاد ئازادی | 3.75 | 168 | 6 |
| سێیەم( ماوەی نێوان ساڵانی1991 -2006) | پیشەسازی دوو (ئاشتی)، هێمن بەختیاری،فەرمانبەران سەروەران،پیشەسازی یەك،کوردستان، ڕۆژهەڵات، هەواری تازە، حاجی قادر،قلرخ | 19.8 | 528 | 17 |
| چوارەم ( ماوەی نێوان ساڵانی 2007-2023) | شانەدەی کۆن، شانەدەری تازە، جوتیاران، حاجی نامق، نالی، سەراوی نوێ، سەراوی کۆن، قلرخ، تەپەڕەش | 35 | 177 | 26 |

سەرچاوە: کاری توێژەران بە پشت بەستن بە:

1-وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، بەڕێوەبەرایەتی شارەوانییەکانی پارێزگای سلێمانی، شارەوانی سیدصادق، بەشی GIS.

2-نەخشەی ژمارە (2).

شێوەی (1) ژمارە و ڕووبەری گەڕەکەکانی شاری سیدصادق بەپێی قۆناغەکانی فراوانبوونی شاری سیدصادق




سەرچاوە: کاری توێژەران بە پشت بەستن بە: خشتەی (1).

## بەشی دووەم: دابەشبوونی جوگرافی خزمەتگوزارییە پەروەردەییەکان بەپێی قۆناغە مۆرفۆلۆجییەکان

لە سەدەکانی ڕابوردوو، تەنانەت لە سەرەتاکانی دەیەکانی سەدەی ڕابوردوو بەهۆی نەبوون یان کەمی خوێندنگەی میرییەوە، لە حوجرەکان خزمەتگوزاری پەروەدەیی لە لایەن مامۆستایانی ئاینی(مەلا) خۆبەخشانە پێشکەش دەکران و فەقێکان فێری خوێندەواری و زانستی شەرعی دەکران و بڕوانامەی مەلایەتیان وەردەگرت.

بەهۆی سنور داری دۆخی ئابوری هەم مامۆستایانی ئاینی و هەم فەقێکان، هەژاری گوندنشینان و پشتگیری نەکرانیان لە لایەن میرییەوە، پێشکەشکردنی ئەم خزمەتگوزارییە زۆر سەرەتایی و بەرتەسک بوو بەجۆرێک زۆرینەی گوندنیشینان نەیاندەتوانی منداڵەکانیان بخەنە بەردەم خوێندن، ئەم گرفتە تەنانەت لە شارە گەورەکانیشدا بوونی هەبووە، بە جۆرێک تا سییەکان سەدەی ڕابوردووش قوتابخانەی ناوەندی لە شارەکانی هەولێر و سلێمانی زۆر بەکەمی هەبوون(محمد، 2023، ل20-21.) کەواتە زیادبوونی خزمەتگوزاری پەروەردە لە شارەکاندا بە چەند قۆناغێک بووەک کە بریتین لە:

### باسی یەکەم: خزمەتگوزاری پەروەردەی لە ماوەی نێوان ساڵانی (1955- 1970)

پێشکەشکردن و گەشەکردنی خزمەتگوزاری پەوەردەیی هاوتا بوو لەگەڵ دروستبوون و گەشەکردنی شاری سیدصادق، واتە هەردوو پرۆسەکە لە سەرەتای گەشەکردندا بوون.

لەم باسەدا تیشک دەخەینە سەر ئەو دامەزراوە پەروەردەیانەی کە لەم قۆناغەدا دامەزراون وەک لە خشتەی (2) و نەخشەی (3)دا خراوەتە ڕوو، کە بریتین لە:

1-ژمارەی ئەو خزمەتگوزاریانەی لەم قۆناغەدا دروستکراون (3) قوتابخانەیە ئەوانیش (2) قوتابخانەی سەرەتایی و (1) قوتابخانەی ئامادەییە.

2- لە کۆی ئەو خزمەتگوزارییە پەروەردەیانەی لەم قۆناغەدا دروستکراون سەرجەمیان لەیەک بینادابوون واتە لەیەک گەڕەکدابوون (گەڕەکی نەورۆز).

3- ئەو خزمەتگوزاریانەی لەم قۆناغەدا دروستکراون تەنها لە (1)گەڕەکدا دروستکراون واتە (33%)ی کۆی گەڕەکەکانی شارەکە.

4- ئەو خزمەتگوزاریانەی کە لەم قۆناغەدا دروستکراون دەکەونە ناوەندی شارەکەوە واتە شوێنێکی ناوەندی وەرگرتووە.

خشتەی (2) دامەزراوە پەروەردەیەکان بەپێی گەڕەك و ساڵی دامەزراندنیان لە قۆناغی مۆرفۆلۆجی یەکەم

| ژ | ناوی دامەزراوەی پەروەردەی | گەڕەك | ساڵ |
|---|---|---|---|
| 1 | سیدصادق | نەورۆز | 1955 |
| 2 | سیدصادقی کچان | نەورۆز | 1967 |
| 3 | ئامادەی سیدصادق | نەورۆز | 1969 |

سەرچاوە: کاری توێژەران بەپشت بەستن بە: سۆران محمد محمود، مێژووی پەروەردەو فێرکردن لە سیدصادق 1952-1988، چ1، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، 2023، ل68 و 83.

### باسی دووەم: خزمەتگوزاری پەروەردەی لە ماوەی نێوان ساڵانی (1971- 1988)

لەم باسەدا تیشک دەخەینە سەر ئەو دامەزراوە پەروەردەییانە کە لەم قۆناغەدا دامەزراون وەک لە خشتەی (3) و (6) و نەخشەی (3)دا دیارە دەبینین:

1-لەم قۆناغەدا گۆڕانکاری گەورە ڕوویانداوە لە خزمەتگوزاری پەروەردەیدا چونکە ژمارەیان بەراورد بە قۆناغی پێشوتر زیادکردووە بە ڕێژەی (266%) واتە لەم قۆناغەدا ژمارەی دامەزراوە پەروەردەییەکان گەیشتۆتە (11) دامەزراوە بۆ سەرجەم قۆناغەکان، ئەو خزمەتگوزاریانەی لەم قۆناغەدا دامەزراون نوێن ژمارەیان (8) دامەزراوەیە سەرجەمیان قوتابخانەی قۆناغی بنەڕەتین.

2- لە کۆی ئەو خزمەتگوزارییە پەروەردەیانەی لەم قۆناغەدا دروستکراون (5) خزمەتگوزاری لە گەڕەکە نوێیەکان دروستکراون ئەوانیش لە گەڕەکی خانزادن هەریەک لە گەڕەکەکانی (نیشتمان، ئازادی) هەرچەندە لەم قۆناغەدا دروستکراون بەڵام هیچ دامەزراوەیەکی پەروەردەیان تیادا دروستنەکراوە.

3- لە کۆی ئەو خزمەتگوزارییە پەروەردەیانەی لەم قۆناغەدا دروستکراون (3) خزمەتگوزاری لە گەڕەکە کۆنەکان دروستکراون ئەوانیش لە گەڕەکەکانی ڕاپەڕین(1) قوتابخانە وگەڕەکی نەورۆز (2)قوتابخانەی تیایدا دروستکراوە. بەڵام لەم قۆناغەدا هیچ قوتابخانەیەک لە گەڕەکی بەرکێو دروستنەکراوە.

4- دابەشبوونی جوگرافی ئەو خزمەتگوزاریانەی لەم قۆناغەدا دروستکراون تەنها لە (3)گەڕەکدا بوون واتە (50%)ی کۆی گەڕەکەکانی شارەکە.

5- لە ڕووی دابەشبوونی جوگرافییەوە زۆرترین ئەو خزمەتگوزاریانەی کە لەم قۆناغەدا دروستکراون دەکەونە ناوەندی شارەکەوە هەریەک لە باشور و باشوری خۆرئاوا و باکور و باکوری خۆرهەڵات و خۆرئاوای شارەکە هیچ خزمەتگوزارییەکی تیادا دروستنەکراوە لەم قۆناغەدا.

خشتەی (3) دامەزراوە پەروەردەییەکان بەپێی گەڕەك و ساڵی دامەزراندنیان لە قۆناغی مۆرفۆلۆجی دووەم

| ژ | ناوی دامەزراوەی پەروەردەی | گەڕەك | ساڵ |
| --- | --- | --- | --- |
| 1 | ڕاستگۆ | نەورۆز | 1981 |
| 2 | چیا | نەورۆز | 1981 |
| 3 | برایەتی | خانزاد | 1970 |
| 4 | بەرهەم | خانزاد | 1977 |
| 5 | قانع | ڕاپەڕین | 1978 |
| 6 | 17ی تەموز عەرەبی | خانزاد | 1978 |
| 7 | بێگەرد | حانزاد | 1980 |
| 8 | شەم | خانزاد | 1980 |

سەرچاوە: کاری توێژەران بەپشت بەستن بە: 1-سوران محمد محمود، مێژووی پەروەردەو فێرکردن لە سیدصادق 1952-1988، چ1، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، 2023، ل91-112.

2- چاوپێکەوتن لەگەل بەڕێز: جزا حسن صالح، فەرمانبەر لە دیوانی بەڕێوەبەرێتی پەروەردەی سیدصادق، ڕێکەوتی 2023/8/3.

## باسی سێیەم: خزمەتگوزاری پەروەردەی لە ماوەی نێوان سالآنی (1991–2006)

لەم باسەدا تیشک دەخەینە سەر ئەو دامەزراوە پەروەردەیانەی کە لەم قۆناغەدا دامەزراون وەک لە خشتەی (4) و (6) و نەخشەی (4)دا دیارە دەبینین:

1–لەم قۆناغەدا گۆڕانکاری گەورە ڕوویانداوە لە خزمەتگوزاری پەروەردەیدا چونکە ژمارەیان بەراورد بە قۆناغی پێشوتر زیادکردووە بە ڕێژەی (63%) واتە لەم قۆناغەدا ژمارەی دامەزراوە پەروەردەییەکان گەیشتۆتە (18) دامەزراوە بۆ سەرجەم قۆناغەکان، سەرجەم خزمەتگوزارییەکانی لەم قۆناغەدا دامەزراون نوێن بەهۆی ئەو بارودۆخە سیاسییەی لە ناوچەکەدا ڕوویداوە ژمارەیان (18) دامەزراوەیە بریتین لە (1) باخچەی منداڵان و (15) قوتابخانەی بنەڕەتی و (2) خوێندنگەی ئامادەیی.

2– لە کۆی ئەو خزمەتگوزارییە پەروەردەیانەی لەم قۆناغەدا دروستکراون (7) خزمەتگوزاری لە گەڕەکە نوێیەکان دروستکراون ئەوانیش گەڕەکەکانی (کوردستان، سەرووەران، حاجی قادر، ئاشتی) هەریەک لە گەڕەکەکانی (فەرمانبەران، بەختیاری، پیشەسازی یەک، ڕزگاری، هەواری تازە، هێمن، ڕۆژهەلأت) لەگەڵ ئەوەی لەم قۆناغەدا دروستکراون بەلأم هیچ دامەزراوەیەکی پەروەردەی لەم قۆناغەدا تیایاندا دروستنەکراوە.

3– لە کۆی ئەو خزمەتگوزارییە پەروەردەیانەی لەم قۆناغەدا دروستکراون (11) خزمەتگوزاری لە گەڕەکە کۆنەکان دروستکراون بەلأم بەشێوەیەکی هاوسەنگ نین گەڕەکی ڕاپەڕین (3) خزمەتگوزاری تیادا دروستکراوە و گەرەکی نەورۆز و خانزاد یەکی (2) خزمەتگوزاریان تیادا دروستکراوە و گەڕەکەکانی (نیشتمان، ئازادی) هەریەکەو (1) خزمەتگوزاری تیادا دروستکراوە، گەڕەکی بەرکێو هیچ دامەزراوەیەکی پەروەردەی لەم قۆناغەدا تیایدا دروستنەکراوە.

4- ئەو خزمەتگوزاریانەی لەم قۆناغەدا دروستکراون تەنها لە (9)گەڕەکدا دروستکراون واتە (53%)ی کۆی گەڕەکەکانی شار.

5-زۆرترین ئەو خزمەتگوزاریانەی کە لەم قۆناغەدا دروستکراون دەکەونە ناوەندی شارەکەوە هەریەک لە باشور و باشوری خۆرئاوا و باشوری خۆرهەڵا و باکور و باکوری خۆرهەڵات و خۆرئاراوی شارەکە هیچ خزمەتگوزارییەکی تیادا دروستنەکراوە لەم قۆناغەدا.

خشتەی (4) دامەزراوە پەروەردەییەکان بەپێی گەڕەك و ساڵی دامەزراندنیان لە قۆناغی مۆرفۆلۆجی سێیەم*

| ژ | ناوی دامەزراوەی پەروەردەی | گەڕەك | ساڵ | ژ | ناوی دامەزراوەی پەروەردەی | گەڕەك | ساڵ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | باخچەی منداڵانی هێمن | نەورۆز | 2006 | 10 | قوتابخانەی چناری بنەڕەت | ئازاد | 1998 |
| 2 | قوتابخانەی سورێنی بنەڕەت | ئازاد | 1991 | 11 | قوتابخانەی قادری مارفی بنەڕەت | قادری مارف | 1998 |
| 3 | قوتابخانەی زانینی بنەڕەت | ڕاپەڕین | 1992 | 12 | قوتابخانەی قزخی بنەڕەت | سەروەران | 1998 |
| 4 | قوتابخانەی کۆششی بنەڕەت | نەورۆز | 1993 | 13 | قوتابخانەی ئەیەرمشی بنەڕەت | کوردستان | 2000 |
| 5 | قوتابخانەی سیدصادقی بنەڕەت | ڕاپەڕین | 1995 | 14 | هاواری بنەڕەت | سەروەران | 2001 |
| 6 | قوتابخانەی بەرکیوی بنەڕەت | نیشتیمان | 1995 | 15 | قوتابخانەی هەریم | کوردستان | 2005 |
| 7 | قوتابخانەی چیای بنەڕەت | ئازاد | 1998 | 16 | ئامادەی ئاسوی کچان | ئاشتی | 1993 |
| 8 | قوتابخانەی کورەوی بنەڕەت | نەورۆز | 1999 | 17 | ئامادەی پیشەی سیدصادق | ئازاد | 2003 |
| 9 | قوتابخانەی وطی دیوانەی بنەڕەت | کوردستان | 1998 | 18 | ڕیبیی خیرای تیکەڵاو | سەروەران | 1999 |

سەرچاوە: کاری توێژەران بەپشت بەستن بە: حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پەروەردە، بەڕێوەبەرێتی پەروەردەی سیدصادق، بەشی ئامار، 2023، داتای بڵاونەکراوە.

### باسی چوارەم: خزمەتگوزاری پەروەردەی لە ماوەی نێوان ساڵانی (2007-2023)

لەم باسەدا تیشک دەخەینە سەر ئەو دامەزراوە پەروەردەیانەی کە لەم قۆناغەدا دامەزراون وەک لە خشتەی (5) و (6) و نەخشەی (4)دا دیارە دەبینین:

1- لەم قۆناغەدا گۆڕانکاری گەورە ڕویانداوە لە خزمەتگوزاری پەروەردەیدا چونکە ژمارەیان بەراورد بە قۆناغی پێشوتر زیادکردوو بە ڕێژەی (133%) واتە لەم قۆناغەدا ژمارەی دامەزراوە پەروەردەییەکان گەیشتۆتە (42) دامەزراوە بۆ سەرجەم قۆناغەکان، ئەو خزمەتگوزارییە

نوێیانەی کە لەم قۆناغەدا دامەزراون ژمارەیان (20) دامەزراوەیە بریتین لە (3) باخچەی منداڵان و (10)قوتابخانەی بنەڕەتی و (7) خوێندنگەی ئامادەیی.

2- لە کۆی ئەو خزمەتگوزارییە پەروەردەیانەی لەم قۆناغەدا دروستکراون تەنها (3) خزمەتگوزاری لە گەڕەکە نوێیەکان دروستکراون ئەوانیش گەڕەکەکانی (شانەدەری تازە، سەراوی سەرو، سەراوی خوارو) هەریەک لە گەڕەکەکانی (شانەدەری کۆن، جوتیاران، حاجی نامق، نالی، قلرخ، تەپەڕەش) لەگەڵ ئەوەی لەم قۆناغەدا دروستکراون بەڵام هیچ دامەزراوەیەکی پەروەردەی لەم قۆناغەدا تیادا دروستنەکراوە.

3- لە کۆی ئەو خزمەتگوزارییە پەروەردەیانەی لەم قۆناغەدا دروستکراون (17) خزمەتگوزاری لە گەڕەکە کۆنەکان دروستکراون بەڵام بەشێوەیەکی هاوسەنگ نین گەڕەکی هێمن (3) خزمەتگوزاری تیادا دروستکراوە و گەرەکەکانی (خانزاد و ئازادی و بەرکێو و سەروەران) هەریەکەیان یەکی (2) خزمەتگوزاریان تیادا دروستکراوە و گەڕەکەکانی (بەختیاری و فەرمانبەران و ڕۆژهەڵات و کوردستان و ئاشتی) هەریەکەو (1) خوێندنگەی تیادا دروستکراوە، هەریەک لە گەڕەکەکانی (ڕزگاری، حاجی قادر، نەورۆز، ڕاپەڕین، نیشتمان، هەواری تازە، پیشەسازی یەک) هیچ دامەزراوەیەکی پەروەردەی لەم قۆناغەدا تیادا دروستنەکراوە.

4- ئەو خزمەتگوزاریانەی لەم قۆناغەدا دروستکراون تەنها لە (13)گەڕەکدا دروستکراون واتە (50%)ی کۆی گەڕەکەکانی شار.


5-لە ڕووی دابەشبوونی جوگرافییەوە زۆرترین ئەو خزمەتگوزاریانەی کە لەم قۆناغەدا دروستکراون دەکەونە ناوەندی شارەکەوە هەریەک لە باشور و باشوری خۆرئاوا و باکور و باشوری خۆرهەڵاتی شارەکە هیچ خزمەتگوزارییەکیان تیادا دروستنەکراوە لەم قۆناغەدا.

خشتەی (5) دامەزراوە پەروەردەییەکان بەپێی گەڕەك و ساڵی دامەزراندنیان لە قۆناغی مۆرفۆلۆجی چوارەم

| ژ | ناوی دامەزراوەی پەروەردەی | گەڕەك | ساڵ | ژ | ناوی دامەزراوەی پەروەردەی | گەڕەك | ساڵ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | باخچەی منداڵانی فنێك | كوردستان | 2009 | 11 | قوتابخانەی چرای بنەڕەت | ئاشتی | 2014 |
| 2 | باخچەی منداڵانی گەشبین | فەرمانبەران | 2014 | 12 | قوتابخانەی شەهیدانی بنەڕەت | سەروەران | 2010 |
| 3 | باخچەی منداڵانی ئاڵا | هێمن | 2014 | 13 | قوتابخانەی ڕاقەی بنەڕەت | سەروەران | 2015 |
| 4 | قوتابخانەی شەمی بنەڕەت | سەراو | 2010 | 14 | ئامادەی سیدصادق | هێمن | 2010 |
| 5 | قوتابخانەی هەرسینی بنەڕەت | بەرکێو | 2008 | 15 | ئامادەی کوردستانی نوێ | ڕۆژهەڵات | 2009 |
| 6 | قوتابخانەی ئاکاری بنەڕەت | بەرکێو | 2008 | 16 | ئامادەی سەراوی سوبحان ئاغا | سەراو | 2008 |
| 7 | قوتابخانەی سورێنی بنەڕەت | خانزاد | 2011 | 17 | ئامادەی زەند چرا | ئاشتی | 2013 |
| 8 | قوتابخانەی مەشخەڵانی بنەڕەت | هێمن | 2013 | 18 | ئامادەی بەختیاری | بەختیاری | 2011 |
| 9 | قوتابخانەی سەنگەری بنەڕەت | هێمن | 2013 | 19 | ئامادەی شانیدەر | شانیدەر | 2007 |
| 10 | قوتابخانەی ئەشکانی بنەڕەت | خانزاد | 2013 | 20 | ئامادەی ڕەزبەر | خانزاد | 2011 |


سەرچاوە: کاری توێژەران بەپشت بەستن بە: حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پەروەردە، بەڕێوەبەرێتی پەروەردەی سیدصادق، بەشی ئامار، 2023، داتای بڵاونەکراوە.

نەخشەی (3) خزمەتگوزاریی پەروەردەییەکان لە قۆناغی یەکەم ودووەم لە شاری سیدصادق



سەرچاوە: کاری توێژەران بەپشت بەستن بە: خشتەی (2) و (3) و نەخشەی (2).

نەخشەی (4) خزمەتگوزاریی پەروەردەییەکان لە قۆناغی سێیەم و چوارەم لە شاری سیدصادق




سەرچاوە: کاری توێژەران بەپشت بەستن بە: خشتەی (2) و (3) و نەخشەی (2).

خشتەی (6) ژمارە و ڕێژەی سەدی زیادبوونی دامەزراوە پەروەردەییەکان لە شاری سیدصادق بەپێی قۆناغە مۆرفۆلۆجییەکان

| قۆناغەکانی خزمەتگوزاری پەروەردەی | ژمارەی دامەزراوەی پەروەردەی | زیادبوونی ڕەها | (%) زیادبزنی دامەزراوەی پەروەردەی بەراورد بە قۆناغی پێش خۆی |
|---|---|---|---|
| قۆناغی یەکەم (1970-1955) | 3 | - | - |
| قۆناغی دووەم (1988-1971) | 11 | 8 | 266 |
| قۆناغی سێیەم (2006-1991) | 18 | 7 | 63 |
| قۆناغی چوارەم (2023-2007) | 42 | 24 | 133 |

سەرچاوە: کاری توێژەران بەپشت بەستن بە: خشتەی (2) ، (3) ، (4) ، (5).

### بەشی سێیەم: توانستە شوێنییەکانی خزمەتگوزاری پەروەردە لە شاری سیدصادق

دابەشبوونی داردە جوگرافییەکان جیاوازن لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی تر و لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر هۆکاری ئەم جیاوازیەش دەگەڕێنەوە بۆ چەندین هۆکاری مرۆیی و سروشتی، لەم بەشەدا چەند پێوەرێک بەکاردەهێنین بۆ شیکردنەوەی دابەشبوونی جوگرافیی خزمەتگوزاری پەروەردەی لە شاری سیدصادق بەبەکارهێنانی سیستمی زانارییە جوگرافییەکان بۆ ساڵی (2023) کە لەم ساڵەدا ژمارەی خزمەتگوزارییەکان بریتین لە (4) باخچەی ساوایان و (29) قوتابخانەی بنەڕەتی (9) خوێندنگەی ئامادەیی. بڕوانە خشتەی (7).

بەڕوانین لە نەخشەکانی (5) ، (6) دەتوانین دابەشبونەکە بەم شێوەیە ڕونبکەینەوە:

#### باسی یەکەم: ناوەندی شوێنیی Mean center

یەکێکە لە سادەترین پێوەرەکانی گردبوونەوە، ئامانجی دیاریکردنی چەقی ناوەندییە بۆ هەر دابەشبونێکی شوێنی، کە جوگرافیناسەکان بەکاری دەهێنن لە لێکۆڵینەوەکانی دابەشبوونی شوێنیدا بە دیاریکردنی چەقی ڕاکێشان بۆ ئەم دابەشبوونانە، ئەمەش لە ڕێگەی هەژمارکردنی ناوەندی تەوەرەکانی (X , Y) (واتە ناوەندی تەوەرەکانی بازنەکانی پانی و هێڵەکانی درێژی) بۆ گشت داردە جوگرافییەکانی ناوچەی توێژینەوە، ئەم پێوەرە سودی لێدەبینرێت بۆ پێوانەکردنی

ماوەی گۆڕانی سروشتی دابەشبوونی دیاردەکان لە ماوەیەکی دیاریکراودا، یان بۆ بەراوردکردنی نێوان دابەشبوونی ڕەگەزەکانی دوو دیاردە یان زیاتر لە شوێنێکی دیاریکراودا، یاخود بۆ دیاریکردنی گونجاوترین شوێن بۆ ڕەگەزێک کە پێویستە شوێنێکی ناوەندی هەبێت، بۆ نمونە شوێنە خزمەتگوزارییەکان (علی، 2022، ل96).

ناوەندنی شوێنی خزمەتگوزاری پەروەردەی لە شاری سیدصادق بۆ سەرجەم خزمەتگوزاری پەروەردەی بریتییە لە گەڕەکی هێمن بەهەمان شێوە بۆ هەردوو قۆناغی بنەڕەتی و ئامادەی هەمان گەڕەکە لە قوتابخانە بنەڕەتیەکاندا دەکەوێتە باشوری گەڕەکی هێمن لە و خوێندنگە ئامادەییەکاندا دەکەوێتە ناوەڕاستی گەڕەکی هێمن بەڵام لە باخچەی ساوایاندا دەکەوێتە باکوری خۆرهەڵاتی گەڕەکی خانزاد و هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە شاری سیدصادق شێوازێکی ناڕێکی هەیە بەشێوازی باڵ بە سێ ئاراستەی جیاوازدا درێژبۆتەوە ئەم دوو گەڕەکەش تارادەیەک شوێنێکی ناوەندیان وەرگرتووە بۆ ئەو سێ باڵە.

خشتەی(7)ناو و گەڕەك و ساڵی دروستکردنی خزمەتگوزارییە پەروەردەییەگان لە شاری سیدصادق

| ژ | ناوی دامەزراوەی پەروەردەی | گەڕەك | ساڵ | ژ | ناوی دامەزراوەی پەروەردەی | گەڕەك | ساڵ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | باخچەی منداڵانی هێمن | نەورۆز | 2006 | 22 | قوتابخانەی فیدرالی بنەڕەت | شانیدەر | 2005 |
| 2 | باخچەی منداڵانی فێنك | کوردستان | 2009 | 23 | قوتابخانەی هەرێم | کوردستان | 2005 |
| 3 | باخچەی منداڵانی گەشبین | فەرمانبەران | 2014 | 24 | قوتابخانەی هەرسینی بنەڕەت | بەرکێو | 2008 |
| 4 | باخچەی منداڵانی ئاڵا | هێمن | 2014 | 25 | قوتابخانەی ئاکاری بنەڕەت | بەرکێو | 2008 |
| 5 | قوتابخانەی سورینی بنەرەت | خانزاد | 1991 | 26 | قوتابخانەی شەهیدانی بنەڕەت | سەروەران | 2010 |
| 6 | قوتابخانەی زانینی بنەڕەت | راپەرین | 1992 | 27 | قوتابخانەی شەمی بنەڕەت | سەراو | 2010 |
| 7 | قوتابخانەی شانەدەری کۆنی بنەرەت | شانەدەر | 1992 | 28 | قوتابخانەی سورینی بنەڕەت | خانزاد | 2011 |
| 8 | قوتابخانەی سەروای بنەرەت | قلرخ | 1992 | 29 | قوتابخانەی مەشخەڵانی بنەڕەت | هێمن | 2013 |
| 9 | قوتابخانەی کۆششی بنەڕەت | نەورۆز | 1993 | 30 | قوتابخانەی سەنگەری بنەڕەت | هێمن | 2013 |
| 10 | قوتابخانەی سیدصادقی بنەڕەت | راپەرین | 1995 | 31 | قوتابخانەی ئەشکانی بنەڕەت | خانزاد | 2013 |
| 11 | قوتابخانەی بەرکیوی بنەڕەت | نیشتیمان | 1995 | 32 | قوتابخانەی چرای بنەرەت | ئاشتی | 2014 |
| 12 | قوتابخانەی چیای بنەڕەت | خانزاد | 1998 | 33 | قوتابخانەی ڕاڤەی بنەڕەت | سەروەران | 2015 |
| 13 | قوتابخانەی وەلی دێوانەی بنەڕەت | کوردستان | 1998 | 34 | ئامادەی ئاسۆی کچان | ئاشتی | 1993 |
| 14 | قوتبخانەی چناری بنەرەت | خانزاد | 1998 | 35 | ئامادەی سیدصادق | هێمن | 2010 |
| 15 | قوتابخانەی قادری مارفی بنەڕەت | قادری مارف | 1998 | 36 | ئامادەی پیشەی سیدصادق | خانزاد | 2003 |
| 16 | قوتابخانەی قلرخی بنەڕەت | سەروەران | 1998 | 37 | ئامادەی کوردستانی نوێ | ڕۆژهەڵات | 2009 |
| 17 | قوتابخانەی کورەوی بنەڕەت | نەورۆز | 1999 | 38 | ئامادەی سەراوی سوبحان ئاغا | سەراو | 2008 |
| 18 | قوتابخانەی ڕێبنی خیرای تیکەلاو | سەروەران | 1999 | 39 | ئامادەی زەند چرا | ئاشتی | 2013 |
| 19 | قوتابخانەی تەپەرەشی بنەڕەت | کوردستان | 2000 | 40 | ئامادەی بەختیاری | بەختیاری | 2011 |
| 20 | قوتابخانەی هاواری بنەرەت | سەروەران | 2001 | 41 | ئامادەی شانیدەر | شانیدەر | 2007 |
| 21 | قوتابخانەی نوچ تەپانی بنەڕەت | حاجی نامق | 2005 | 42 | ئامادەی ڕەزبەر | خانزاد | 2011 |

سەرچاوە: کاری توێژەران بەپشت بەستن بە:

خشتەی (4)، (5).

## باسی دووەم: ئاڕاستەی دابەشبوون Directional Distribution))

تەکنیکی ئاڕاستەی دابەشبوون هەڵدەستێ بەپێوانەکردنی ئاڕاستەی دابەشبوونی دیاردەکان یاخود ڕەگەزەکانی دیاردەیەک، لە دەوری ناوەندە شوێنیەکاندا بڵاووبونەتەوە، لە ڕێگای وێنەکێشانی بازنەیەکی شێوە هێلکەیی بەدەوری ناوەندە شوێنیەکەیاندا بەمەش ئاڕاستەی شێوە هێلکەیەکە ئاماژەیە بەئاڕاستەی دابەشبوونی دیاردەکان، کە زۆربەی ڕەگەزەکانی دیاردەکە دەگرێتە خۆی. (مصطفى و عباس و حسێن، 2021، ل246)

ئاڕاستەی دابەشبوونی خزمەتگوزاری پەروەردەی لە شاری سیدصادق بەشێوەی هێلکەیە کە ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی دابەشبوونی ئەم خزمەتگوزارییە نمونەی نییە چونکە شێوازی نمونەی دەبێت بازنەی بێت.

سەبارەت بە قۆناغەکانی خوێندن سەرجەمیان شێوە هێلکەین، قوتابخانە بنەڕەتییەکان شێوە هێلکەیەکەی تاڕادەیەک نزیکە لە شێوە بازنەیەوە ئەمەش بەهۆی ئەوەی ژمارەیەکی زۆری ئەم خزمەتگوزارییە لەم جۆرەیەو بڵاوبۆتەوە بە شارەکەدا، بەپلەی دووەم خوێندنگەی ئامادەییەکان دێن بەڵام باخچەی ساوایان شێوازی هێلکەییەکەی لەهەموویان تیرەکەی کەمترە ئەمەش بەهۆی کەمی ژمارەی باخچە سەبارەت بەو ڕوبەرە گەورەیەی شارەکە.

ئاڕاستەی دابەشبونی بۆ سەرجەم خزمەتگوزارییەکان بەیەکەوە و بەجیا لە باکوری خۆرهەڵاتەوە درێژبونەتەوە بۆ باشوری خۆرئاوا.

### باسی سێیەم: دووری پێوانەیی (Standard Distance)

لە دابەشبوونی شوێنیدا دووری پێوانەی ڕۆڵی خۆی هەیە و بەکاردێت بۆ پێوانەکردنی پلەی کۆبونەوە کەوا خاڵەکان هەیانە لە دیاردەیەکی شوێنیدا، دەکرێت لە ڕێگەی ئەم پێوەرەوە زانیاریمان دەست دەکەوێت دەربارەی ڕادەی بڵاوبون و کۆبونەوە دوری شوێنی دیاردەکان لە یەکترەوە، جێبەجێکردنی ئەم پێوەرەش بەکێشانی بازنەیەک دەبێت کەپێی دەوترێت ( Standard Circle)، ناوەڕاستی ئەم بازنەیەش بریتییە لە خاڵێک کە ناسراوە بە خاڵی سەنتەری ناوەند (Mean Center) هەتاکو بەهای ئەم پێوەرە زۆر بێت ئەوەندەش قەبارەی بازنەکە گەورە دەبێت، لەمەوە بۆمان ڕوندەبێتەوە کەوا دابەشبوونی خاڵەکان پرشوبڵاوە، بەپێچەوانەوە هەتاکو بەهای بازنەکە کەمتر بێت، ئەوە دابەشبوونی خاڵەکان یان دیاردەکان بەشێوەیەکی کۆبووە دەبێت، لە پاش ئەوەی کەوا بازنەی پێوانەی دەکێشرێت تێبینی ئەوە دەکرێت کەوا لەسەر نەخشەی دابەشبوونی دیاردەکە هەندێک لە خاڵەکان لە ناو بازنەکە دەبن و هەندێکش لە دەرەوەی

بازنەکە، ئەو خالانەی دەکەونە ناو بازنەکەوە دووریان لە سەنتەری ناوەندیەوە کەمترە لە دووریە پێوانەییەکە بەڵام ئەو خالانەی کەوا دەکەونە دەرەوەی سنوری بازنەکەوە دووریان لە خاڵی سەنتەری ناوەندیەوە زیاترە بەراورد بە دووری پێوانەی(حمەعلی ،2016، ل119–120).

تایبەتمەندی شوێنی خزمەتگوزاری پەروەردەی لە شاری سیدصادق بەگوێرەی پێوەری ماوەی پێوانەی تێبینی دەکەین:

1–ژمارەی ئەو باخچەی مندالانەی کە کەوتونەتە ناو بازنەی پێوانەییەوە (3) باخچەی مندالانە لە کۆی (4) باخچەی مندالان لە شارەکەدا بە ڕێژەی (75%) باخچەی مندالان پێکدێنێت، ڕووبەری بازنەکە (5.7)کم$^2$ و بەڕێژەی (16.3%) ڕووبەری گشتی شارەکەیە.

2– ژمارەی قوتابخانەی بنەڕەتی کە کەوتونەتە ناو بازنەی پێوانەییەوە (20) قوتابخانەیە لە کۆی (29) قوتابخانە لە شارەکەدا بە ڕێژەی (68.9%) قوتابخانەکان پێکدێنێت، ڕووبەری بازنەکە (13.2)کم$^2$ و بەڕێژەی (37.7%) ڕووبەری گشتی شارەکەیە.

3– ژمارەی خوێندنگە ئامادەییەکان کە کەوتونەتە ناو بازنەی پێوانەییەوە (6) خوێندنگەیە لە کۆی (9) خوێندنگە لە شارەکەدا بە ڕێژەی (66.6%) خوێندنگەکان پێکدێنێت، ڕووبەری بازنەکە (22.3)کم$^2$ و بەڕێژەی (63.7%) ڕووبەری گشتی شارەکەیە.

4– ژمارەی سەرجەم خزمەتگوزاری پەروەردەی کە کەوتونەتە ناو بازنەی پێوانەییەوە (28) خزمەتگوزاری پەروەردەییە لە کۆی (42) خزمەتگوزاری پەروەردەی لە شارەکەدا بە ڕێژەی (66.6%) خزمەتگوزاری پەروەردەی پێکدەهێنێت، ڕووبەری بازنەکە (14.6)کم$^2$ و بەڕێژەی (41.7%) ڕووبەری گشتی شارەکەیە.

لە کۆتایدا دەگەینەوە ئەوەی کە زۆرترین کۆبونەوە بەدەوری خاڵی سەنتەردا دەکەوێتە قۆناغی باخچەی ساوایان کە ڕێژەکەی دەکاتە (75%) بەڵام سەرجەم قۆناغەکانی تر بڕەکەیان کەم نییە


و زیاترن لە دوو لەسەر سێ کەواتە دەگەینە ئەوەی تاڕادەیەک ڕێکخراوی هەیە بۆ دابەشبوونی خزمەتگوزارییەکە لە شارەکەدا. زۆرترین بڵاوبونەوەش بۆ قۆناغی ئامادەییە بازنەکەی زۆرترین ڕێژەی ڕووبەری شارەکەی داگیرکردووە بە ڕێژەی (63.7%).

خشتەی (8) بەهای ماوەی پێوانەی بۆ خزمەتگوزاری پەروەردەی لە شاری سیدصادق بۆ ساڵی 2023

| قۆناغەکانی خوێندن | ڕووبەری بازنە بە کم² | %ی ڕووبەری شار | ژ.خزمەتگوزاری پەروەردەی | ژمارەی خزمەتگوزاری ناو بازنەکە | %ی خزمەتگوزاری ناو بازنەکە لە کۆی گشتی خزمەتگوزارییەکان |
|---|---|---|---|---|---|
| باخچەی ساوایان | 5.7 | 16.3 | 4 | 3 | 75 |
| قۆناغی بنەڕەتی | 13.2 | 37.7 | 29 | 20 | 68.9 |
| قۆناغی ئامادەی | 22.3 | 63.7 | 9 | 6 | 66.6 |
| سەرجەم قۆناغەکان | 14.6 | 41.7 | 42 | 28 | 66.6 |


سەرچاوە: کاری توێژەران بەپشت بەستن بە: نەخشەی (5).

نەخشەی (5) ناوەندی شوێنی و ئاڕاستەی دابەشبوون و دووری پێوانەی بەپێی قۆناغەکانی خوێندن له شاری سیدصادق




سەرچاوە: کاری توێژەران بەپشت بەستن بە: بە بەرنامەی Arc GIS 10.8.

نەخشەی (6) ناوەندی شوێنی و ئاڕاستەی دابەشبوون و دووری پێوانەی سەرجەم قۆناغەکانی خوێندن لە شاری سیدصادق




سەرچاوە: کاری توێژەران بەپشت بەستن بە: بە بەرنامەی Arc GIS 10.8.

**پەراوێزەکان:**

1 .هۆکاری ئاماژەنەکردن بۆ ماوەی نێوان ساڵانی(1989–1990) دەگەڕێتەوە بۆ بەردەوامی قەدەغەی هاتوچۆ وئاوەدان نەکردنەوەی شارەکە.

**سەرئەنجامی توێژینەوە**

1–مێژووی دروستبوونی شاری سیدصادق دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (1955)، هەر وەک زۆرینەی شارەکانی دیکەی هەرێمی کوردستان، دۆخی سیاسی و سەربازی ناوخۆی عێراق کاریگەری هەبوو لەسەر کۆتایی هاتنی تەمەنی شارەکە لە ساڵی 1988دا. بەلام پاش ڕاپەرین

جاریکی دیکە شارەکە سەر لەنوێ دروستکرایەوە، کەواتە ئەم شارە خاوەنی دوو مێژووی دروست بوونە.

2-شاری سیدصادق تاساڵی (1988) واتە بۆ ماوەی (33)ساڵ تەنها (6) گەڕەک بووە کە ڕووبەرەکەی (3.75)کم$^2$ بووە، بەڵام پاش دووبارە ئاوەدانکردنەوەی لە ساڵی (1991) تا ئێستا کە (32)ساڵ دەخایەنێت زۆر بەخێرایی فراوانبووە ژمارەی گەڕەکەکان بووە بە (26) گەڕەک واتە (4.3)ئەوەندەی قۆناغی پێشوو زیادیکردووە، ڕووبەرەکەشی (35)کم$^2$ واتە (9.3)ئەوەندە زیادیکردووە.

3-یەکەم خوێندنگە لە شارەکەدا لە ساڵی (1955)دا دروستکراوە واتە هەر ئەو ساڵەی بووە بەشار.

4-گەشەکردنێکی بەرچاو دەبینرێت لە خزمەتگوزاری پەروەردە بەپێی قۆناغەکانی گەشەکردنی شارەکە لە قۆناغی دووەم (266%)ی قۆناغی یەکەم زیادیکردووە و لە قۆناغی سێیەم (63%)ی قۆناغی دووەم زیادیکردووە و قۆناغی چوارەم (133%) قۆناغی سێیەم زیادیکردووە.

5-ئاڕاستەی دابەشبوونی خزمەتگوزاری پەروەردەی لە شاری سیدصادق بەشێوەی هێلکەیە لە باکوری خۆرهەڵاتەوە بۆ باشوری خۆرئاوا درێژبۆتەوە. ناوەندنی شوێنی خزمەتگوزاری فێرکاری لە شاری سیدصادق بۆ سەرجەم خزمەتگوزاری فێرکاری بریتییە لە گەڕەکی هێمن. لە رووی پێوانەییەوە زۆرترین کۆبونەوە بەدەوری خاڵی سەنتەردایە بۆ باخچەی ساوایان, پاشان بنەرەتی, پاشان ئامادەیی. هۆکاری دابەشبوونی خزمەتگوزارییەکان لە شارەکەدا. دەگەڕێتەوە بۆ هۆکاری مرۆیی وەک نەبوونی ماستەرپلان و نەبوونی پلانی زانستی پێویستی وەزارەتی پەروەردە. هۆکاری سروشتی وەک تۆبۆگرافیا و بەربەستە سروشتییەکانی شارەکە و فراوان بوونی شار تەنها بە دوو ئاڕاستە

**پێشنیارەکانی توێژینەوە**

1-گرنگترین کار لە ئێستادا حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەنجامدانی بدات، دروستکردنی ماستەر پلانە بۆ گەشەکردنی شاری سیدصادق، بۆ ئەوەی چیدیکە فراوانبوونی شار بە بەبێ پلانی و شێوەیەکی هەڕەمەکی نەبێت. جگە لەوەی دابەشبوونی خزمەتگوزارییەکانیش بەشێوەیەکی زانستی و پێویست دەبێت.

2- گرنگە وەزارەتی پەروەردە بە پێی ستانداردی عێراقی کار بکات بۆ دابەشبوونی جوگرافی خزمەتگوزارییەکانی پەروەردە بە پێی ژمارەی خوێندکار و دووری جوگرافییان و دروستکردنی بینای نوێی و هاوچەرخی پەروەردەیی ( باخچە، قوتابخانە، خوێندنگە...)بە ستاندارە نێودەوڵەتییەکان.

3- گرنگە وەزارەتی پەروەردە کاربکات بۆ دابینکردنی مامۆستای شارەزا و ڕاهێنراو و پسپۆڕ بۆ تەواوی قوتابخانە و خوێندنگەکانی شاری سیدصادق، بەمەبەستی فێرکردنی قوتابیان و خوێندکاران بە نوێترین زانست و پیشە هاوچەرخەکان. جگە لە دابینکردنی تەواوی پێداویستی هۆیەکانی فێرکردن بۆیان.

**بەربەستەکانی توێژینەوە:**

نەبوونی ماستەرپلانی شاری سیدصادق کەئەمە دەبێتەهۆی بەرچاوڕونی بۆ دابەشبوونی بەکارهێنانەکانی زەوی لە شارەکەدا.

**سەرچاوەکان**

یەکەم: کوردی

1-بژار عبدالستار(2021). *فراوانبوونی شارنشینی و کاریگەری لەسەر گۆڕانی بەکارهێنانی زەوی لە شاری چۆمان*، نامەی ماستەر(بڵاونەکراوە)، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر.

2-بێستون احمد حسێن (2013) *شیکردنەوەیەکی جوگرافی بۆ گەشەی دانیشتوان و کاریگەری لەسەر فراوانبونی ڕوبەری شاری قەڵادزیە*، نامەی ماستەر، کۆلێجی ئەدەبیات، زانکۆی صلاحالدین.

3-جزا حسن صالح (2023) فەرمانبەر لە دیوانی بەڕێوەبەریتی پەروەردەی سیدصادق.

4-حکومەتی هەرێمی کوردستان (2023.) وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێم، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، داتای بڵاونەکراوە.

5-حکومەتی هەرێمی کوردستان(2023.) وەزارەتی پەروەردە، بەڕێوەبەریتی پەروەردەی سیدصادق، بەشی ئامار، داتای بڵاونەکراوە.

6-حکومەتی هەرێمی کوردستان(2007.) وەزارەتی ناوخۆ، پارێزگای سلێمانی، ژمارە 1939 .

7-سۆران محمد محمود (2023) *مێژووی پەروەردەو فێرکردن لە سیدصادق 1952-1988*، چ1، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.

8-عزیز، ڕۆستەم سلام(2016)*هەڵسەنگاندنی دابەشبوونی قوتابخانە بنەڕەتییەکان لە شاری کۆیە*، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین-ساڵی سێیەم، ژمارە (9).

9-فاتح اکرم علی(2022) *شیکردنەوەی جوگرافی بۆ دابەشبوونی* خزمەتگوزاری *فێرکاری لە شاری دەربەندیخان*، نامەی ماستەر، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی.

10-فاطمە قادر مصطفی و هۆشمەند جوهر عباس و سەنگەر احمد حسێن(2021) *شیکردنەوەی شوێنی بۆ خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان لە قەزای مێرگەسوور*، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین.

11–هەردی عبدالرحمن حمەعلی (2016) *دابەشبوونی خزمەتگوزاریی فێرکاری لە شاری هەڵەبجە*، نامەی ماستەر، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی.

12–وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار(2023) بەڕێوەبەرایەتی شارەوانییەکانی پارێزگای سلێمانی، شارەوانی سیدصادق، بەشی GIS.

دووەم: عەرەبی

1– وزارة العدل(1955) بيان، جريدة الوقائع العراقية، العدد ،٣٧١٥ .

پاشکۆی (1) فەرمانی بەناحیەکردنی سیدصادق


العدد
٣٧١٥
الوقائع العراقية

سەرچاوە: وزارة العدل، بيان، جريدة الوقائع العراقية، العدد ،٣٧١٥، 22/ 10/ 1955 .

پاشکۆی (2) فەرمانی کارگێڕیی بەقەزاکردنی ناحیەی سەیدسادق، ساڵی 2007


حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی ناوخۆ
پارێزگای سلێمانی
« فەرمانی کارگێری »
دانا احمد مجید
پارێزگاری سلێمانی

سەرچاوە: حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی ناوخۆ، پارێزگای سلێمانی، ژمارە 1939 لە 1/4/ 2007.بڵاونەکراوە.

## التوسع العمراني في مدينة سيدصادق وأثره على توزيع الخدمات التعليمية


ملخص:

تعد المدن مراكز ذات كثافة سكانية مرتفعة، الامر الذي يؤدي الى توسع رقعتها بوتيرة أسرع مقارنة بأطرافها، وقد ينتج عن هذا التمدد السريع تأخر بعض احتياجات المدينة وعدم تكافؤها.

تهدف هذه الدراسة الى الكشف عن مراحل التوسع العمراني لمدينة سيدصادق، وتحليل أثر هذا التوسع على توزيع الخدمات التعليمية، بغية التحقق مما اذا أسهم التوسع العمراني في تحقيق درجة من التكافؤ في تقديم هذه الخدمات الى جميع اجزاء المدينة. ولتحقيق أهداف الدراسة، تم الاعتماد على ثلاثة مناهج رئيسية، وهي المنهج التاريخي والمنهج التحليلي والمنهج المورفولوجي.

وقد قسمت الدراسة الى ثلاثة فصول، يتناول الفصل الاول منه مورفولوجية التوسع العمراني في مدينة سيدصادق، بينما يركز الفصل الثاني منه على التوزيع الجغرافي للخدمات التعليمية بحسب المراحل المورفولوجية، في حين يختص الفصل الثالث بتحليل الكفاءة المكانية للخدمات التعليمية في مدينة سيدصادق.

الخدمات التعليمية غير متكافئة مع التوسع العمراني للمدينة، من هذا المنطلق توصي الدراسة بوضع تخطيط كامل وشامل للتوسع العمراني في مدينة سيدصادق، مع مراعاة وإتاحة توفير الخدمات التعليمية بكل أنواعها.

الكلمات المفتاحية: التوسع العمراني، الخدمات، التعليم